# شیکردنەوەی گوتاری نارەزایەتی لەهەرێمی کوردستان (خۆپیشاندانی مامۆستایانی پەروەردە 2023 بە نموونە)

**تەلار سەباح عومەر**

بەشی زمانی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

زمان هەم وەک ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژی، هەم وەک ئامرازێک بۆ داڕشتن و کێبڕکێکردن لەناو بزووتنەوە نارەزایەتییەکان کاردەکات. بە شیکردنەوەی ئەو زمانەی، کە لە نارەزایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت، دەتوانین تێڕوانینێک سەبارەت بە ئایدۆلۆژیا بنەڕەتییەکانی خۆپیشاندان بەدەستبهێنین. (شیکردنەوەی گوتاری نارەزایەتی لەهەرێمی کوردستان (خۆپیشاندانی مامۆستایانی پەروەردە 2023 بە نموونە)) ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، کە ئێمە ئەنجامانداوە. شیکردنەوەی گوتاری نارەزایەتی(ڕەخەگرانە) هەمموو پەیوەندییە شاراوەکانی ناو گوتار و دەوروبەرەکەی ئاشکرا دەکات، زمان دەکاتە چەکێکی بەهێز بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەر. گرنگی توێژینەوەکەمان شیکردنەوەی زمانی خۆپیشاندەرانە لە نارەزایەتی مامۆستایان، بە پشتبەستن بەو بنەمایانەی، کە ڕەنگدانەوە و ڕۆڵێکی کاراو چالاکییان لە نارەزایەتییەکان بینیوە، ئامانجی توێژینەوەکەشمان شیکردنەوەی تابلۆ و دروشمەکانی مامۆستانی ستەملێکراوە، کە لە ڕێگەی پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیال میدیای وەک فەیسبوک، واتسئەپ، تویتەر و ئینستاگرامەوە بڵاوکراونەتەوە. بۆگەیشتن بە ئامانجەکەشمان پەیرەوی ڕێبازی وەسفی شیکاریمان کردوە. شێوازی کۆکردنەوەی داتاکانیش دەربڕینی نارەزایەتیەکانی مامۆستایان بو، کە لە پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیال میدیاوە بڵاوکرابونەتەوە. لەکاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە گەیشتینە چەند ئەنجامێکی گرنگ کە مایەی هەڵوەستەکردنە. خۆپیشاندەران لە دەربڕینی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکاندا هەر دو زمانی بینراو و بیستراویان بەیەکەوە بەکاردەهێنا، بۆ ئەوەی پەیامەکەیان بەڕونی بگەیەنن، دروشمەکانیان وەکو ئامرازێکی ئاشتیانە بۆ داواکردنی مافەکانیان بەکاردەهێنا، چونکە پەیوەندییەکی بەهێزە لە نێوان بەکارهێنانی زمانی کاریگەر و هەستەکان هەیە. زمانی دروشمی خۆپیشاندەران هەڵگری دەربڕینی هەر دو هەستی نەرێنی و ئەرێنی بون. هەستی ئەرێنی ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبو لە دەربڕینی خۆپیشاندانەکان داواکارییەکانیان بە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی کاریگەرەوە دەردەبری. ئەم دەربڕینەش ڕەنگدانەوەی واتا و هەستە جیاوازەکانی وەک ترس، هەڕەشە، بوێری، ئیرادە، دڵتەنگی ... هتد بو.

**وشە سەرەکییەکان:** گوتار، زمان، خۆپیشاندان، نارەزایەتی، دروشم .

## پێشەکی

شیکردنەوەی گوتاری نارەزایەتی شیکردنەوەی ئەو زمانەیە، کە لە تابلۆی نارەزایەتی و دروشمی دووبارەبووەوە، دەستەواژەی وەرگرتن و لافیتە و گوتارەکاندا بەکاردەهێنرێت. کە پەیام و داواکارییەکانی خۆپیشاندەران لەخۆدەگرێت. شیکردنەوەی گوتاری نارەزایەتی لەهەرێمی کوردستان (خۆپیشاندانی مامۆستایانی پەروەردە 2023 بە نموونە) ناونیشانی ئەو بابەتەیە، کە بۆ ئەم توێژینەوەیە هەڵمانبژاردووە.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)

ڕێککەوتی: وەرگرتن ٦ شوبات ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٩ حوزەیران ٢٠٢٤

توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە

ئیمەیڵی توێژەر: talar.sabah@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ تەلار سەباح عومەر ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

ئامانجی توێژینەوەکەشمان شیکردنەوەی سیستماتیکی چۆنیەتی بەکارهێنانی تابلۆ و دروشمەکانی مامۆستانی ستەملێکراو کە لە ڕێگەی پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیال میدیای وەک فەیسبووک، واتسئەپ، تویتەر و ئینستاگرامەوە پێشکەشدەکرێت بۆ هاندانی مامۆستایان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و بەدەستهێنانی پشتیوانی دایک و باوکان بۆ ڕێگریکردن لە ڕۆشتنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەکان. بۆگەیشتن بە ئامانجەکەشمان پەیرەوی ڕێبازی وەسفی شیکاریمان کردووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر گرنگی شیکردنەوەی زمانی خۆپیشاندان لە نارەزایەتی مامۆستایان، بە پشتبەستن بەو بنەمایانەی کە بەکاریانهێناوە ڕەنگدانەوە و ڕۆڵێکی کاراو چالاکی لە نارەزایەتییەکان بینیوە. توێژینەوەیەکەمان لە چەند پرسیارێك پێکهاتووە:

1ـ ئایا زمانی خۆپیشاندەران زمانێکی گشتی بوو؟ چ ئایدۆلۆژیایەك لەپشت خۆپیشاندانی مامۆستایانی نارازی هەبوو؟

2ـ ئایا دەربڕینی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە هەموو ئاستەکانی زمان ڕەنگیدابۆوە؟

3- ئایا لە گوتاری نارەزایەتیدا دەتوانرێت زمان بکرێتە چەکێك بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەر ؟

4- ئایا مامۆستایان چ شێوازێکیان بۆدەربڕینی نارەزایەتییەکانیان بەکاردەهێنا ؟

5- لە دەربڕینی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان هەستی ئەرێنی و نەرێنی بەدیدەکرا ؟ کام هەستیان زاڵ بوو ؟

ناوەرۆکی توێژینەوەکەمان جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا، باس لە دیاردەی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان و تایبەتمەندی و ئامراز و شێوەکانی دەربڕینی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان دەکەین، لەگەڵ خستنەڕووی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان، هەروەها هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و زمان و پەیوەندیکردن و دەربڕینی هەستەکان دەناسێنین. دواتر هێزی زمان و ئایدۆلۆژیا لە گوتاری نارەزایەتیدا لەگەڵ خۆپیشاندانی مامۆستایان دەخەینەڕوو. بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ لایەنی کارەکی توێژینەوەکە، کە شیکردنەوە بۆ نموونە وەرگیراوەکان کراوە، بە پێ بنەماو ئاستەکانی زمان و ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی پۆستەر و دروشمەکان. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و خراونەتەڕوو.

## 1. ناساندنی خۆپیشاندان ونارەزایەتی

### 1.1 شیکردنەوەی گوتاری نارەزایەتی (ڕەخنەیی)

بەدرێژایی (١٩٧٠) شیکردنەوەی گوتار، ببووە بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێش و قبوڵکراو بۆ دابینکردن و پشتگیریکردنی بەشێک لە زمانەوانی، کە لە گوتار و دەق دەکۆڵێتەوە. وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە بیرکردنەوە دەربارەی کێشەکان. لەم جۆرە شیکردنەوانە دەتواندرێت ئەو شتانە دەربخرێت، کە لە پشتەوەی مرۆڤەکانەوە ئەنجامدەدرێت. لە کاتێکدا زمانەوانان کە گرنگی بە یاسا و ڕێساکانی وشە و ڕستەکان دەدەن و لەگەڵ داتاکانیان. شیکردنەوی گوتار باسی ڕێساکانیان و جوڵاندنیان بۆ ئاستێکی بەرز دەکات. لەگەڵ تەماشاکردنی جوڵەی ڕاستەقینەی پەیوەندی دەقەکان و باسکردنی یاسای دارشتنی قسەکردن و چیرۆکەکان و گفتوگۆکان و...

شیکردنەوەی گوتاری نارەزایەتی (ڕەخنەیی) هەوڵیدەدا جوڵەی شاراوەی پشتی دەقەکان ئاشکرا بکات، کە دەتواندرێت وەکو وێنەگرتنێکی شیکردنەوەی گوتار دابندرێت. (wodak and meyer 2001:96) شیکردنەوەی گوتاری نارەزایەتی (ڕەخنەیی) ڕێگایەکە بۆ شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی زمان، کە سەرنج دەخاتە سەر پرۆسە ئایدۆلۆژییەکان و دەوروبەری بارودۆخی گوتنەکان و بابەتی زمان و پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات و هەژمونی باڵادەستی نایەکسانی لە گوتاردا، کە ئامانج لێی دەرخستنی پەیوەندییە شاراوەکانە و دەسەڵاتە لەناو پرۆسە ئایدۆلۆژییەکان، کە پەیوەستە بەکردەی ڕەخنەگرتن لە خراپی بەکارهێنانی دەسەڵات. لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەیی زیاتر بایەخ بەو بابەتە کۆمەڵایەتییانە دەدات، کە بەهۆی کێشەی نایەکسانییەوە سەریانهەڵداوە.

شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی بەگشتی پێناسەی زمانە لەسەروی ڕستە، یان لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی زمانە. (Fasold 1990:65) کەواتە شیکردنەوەیەکی ئاساییە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی زمان لە دەق و ئاخاوتندا دەدات. گوتار ئاماژە بۆ یەکە گەورەکانی زمان دەکات، وەك پەرەگراف، گفتوگۆ، چاوپێکەوتن. وەك ئەم گوتە و ئەو جۆرە لێدوانانەی ئاماژەی بۆ دەکات. واتە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو وشانە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی تایبەت کاتێك زیاتر لەیەك بەکارهێنەر و یەك دەقی کۆمەڵایەتی تێدا بەشدارە دەقێکی دیاریکراو زۆربەی کات زیاتر لە واتایەکیان هەیە.

(فێرکلاف) چوارچێوەیەکی بەسودی بۆ شیکردنەوەی گوتار دانا بەو پێیەی گوتار هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتییە. چوارچێوەکەی (فێرکلاف) کۆمەڵێ چەمکی جیاوازی لەخۆگرتووە، کە لە چوارچێوەیەکی ئاڵۆزی خاوەن ڕەهەندی جیاواز بەیەکەوەبەستراون. لەناو سیستەمی گوتاردا هەڵسوکەوتی گوتار هەیە، کە تایبەتە و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەق و قسە بەکارهێنان و لێکدانەوەی. (fairclough 1989: 145)

لەناو سیستەمی گوتاری خۆپیشاندانی مامۆستایان تێبینی هەڵسوکەوتی گوتار دەکرێت وەك گفتوگۆی نێوان مامۆستا و کاربەدەستان.

### 2.1 خۆپێشاندان و نارەزایەتی:

دەربڕینی نارەزایەتییەکان کارێکی تازە نییە دەمێکە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییە بەرچاوەکان. خۆپیشاندانەکان دەتوانن بەشداربن لە گۆڕینی نۆرم و بەها و سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان. دەربڕینی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان سەکۆیەک بۆ خەڵک دەرەخسێنن بۆ دەربڕینی دژایەتی خۆیان بەرامبەر بە کردەوەیەك کە لەلایەن دەسەڵاتداران، سیاسەتمەداران، کۆمپانیاکان، یان دامەزراوەکانی ترەوە دەدەبردرێن. ئەمەش لە دەربڕینی نارەزایی لە سیاسەتە تایبەتەکانەوە دەستپێبکات، تا دەگاتە ڕەخنەی فراوانتر لە نادادپەروەرییە سیستماتیکییەکان.

هەر لەڕێگای نارەزایەتییەکان دەتوانن خەڵکی هۆشیاربکەنەوە سەرنجی بۆ کێشەیەک ڕابکێشن کە هەبێت، چونکە خۆپێشاندان ((جۆرێکە لە گردبوونەوەی بەکۆمەڵ بەمەبەست پشتگیری یان دژایەتی یەکێك لەلایەنە ئابوری و کۆمەڵایەتی، کە ئارەزووی ئەوەیان هەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە وەڵامیان بدرێتەوە.)) (عثمان، 2015، 13) خۆپیشاندان بریتییە لە کۆبوونەوەی خەڵک بۆ دەربڕینی نارەزایی، داکۆکی لە گۆڕانکاری، یان پشتیوانی لە دۆزێکی دیاریکراو، یان دژایەتی بیرۆکەیەک دەکەن.( (**Mira BeḰar,** 2015,338

(Edison Lanza ) پێیوایە خۆپیشاندان بریتییە لە ڕاگەیاندنێکی فەرمی، بە شێوەیەکی گشتی ئاڕاستەی دەسەڵاتێک، دامەزراوەیەک، سیاسەتێک، یان کردارێک دەکرێت کە وەک نارەوا، نادادپەروەرانە هەستی پێدەکرێت.(Edison Lanza,2019, 5 )

ئێمەش پێمان وایە خۆپێشاندان جۆرێکە لە کردەوەی تاکەکەسی، یان کۆمەڵ، کە ئامانج لێی دەربڕینی بیرۆکەیەك، بۆچوونێك، دژایەتیکردن، ئیدانەکردن، یان ڕەوایەتیدانە بە کارێك.

لەرووی یاساییەوە یاسای ژمارە(11)ی پەرلەمانی کوردستان لە 11/3/ 2010 باس لە خۆپیشاندان دەکات لەهەرێمی کوردستانی عێراق لەماددەی(1)ی برگەی سێیەم خۆپیشاندان کۆمەڵێکی ڕێکخراوین نیمچە ڕێکخراوە بەشێوەیەکی ئاشتییانە لە گۆرەپان و شەقام و شوێنە گشتییەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە ئامانج لێی دروستکردنی رایەکی یەکگرتووی گشتییە بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو. (یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەهەرێمی کوردستان یاسای ژمارە 11 سالی 2010)

خۆپێشاندانەکان لە رووی قەبارە و ڕێکخستن و ئامانجەوە زۆر جیاوازن و شێوەی جۆراوجۆریان هەیە، وەک ڕێپێوان، گردبوونەوە، دانیشتن، بە ئامانجی گەیاندنی پەیامێک، یان هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە پرسێکی دیاریکراو. ئامانجی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان بە پێی بابەت و ئامانجی بەشداربووان دەگۆرێت، ئامانجی سەرەکی نارەزایەتیەکان ئەوەیە کە سەرنج بخەنە سەر پرسێکی دیاریکراو، یان

داکۆکیکردن لە گۆڕانکاری، یان تەحەدای سیستەمەکانی ئێستابکەن، یان دەتوانێت داکۆکیکردن لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، گۆڕانکاری سیاسی، چاکسازی لە سیاسەت، یان دەربڕینی دژایەتی بۆ هەندێک کردار، یان سیاسەت لەخۆبگرێت (Edison Lanza,2019, 6 )

بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان دەتوانێت تاک و پێکهاتەکان بەهێز بکات بە دابینکردنی هەستی متمانەبەخۆبوون لە کردەوەی بەکۆمەڵ. بەشداربووان دەتوانن هەست بە هاودەنگی و کاریگەری بۆ داوای گۆڕانکاری بکەن لە کارکردن بەرەو ئامانجە هاوبەشەکان.

نارەزایەتییەکان دەتوانن فشار بخەنە سەر حکومەتەکان، کۆمپانیاکان، یان لایەنە بەهێزەکانی تر بۆ چارەسەرکردنی نیگەرانییەکانی خۆپیشاندەران. خۆپیشاندەران بە نیشاندانی پشتیوانیی گشتی، یان دژایەتیکردنی هەندێک پرس ئامانجیان کاریگەری لەسەر بڕیاردەرەکانە و پاڵیان پێبدەن بۆ گرتنەبەری هەنگاوی تازە. بە گشتی خۆپیشاندان و نارەزایی وەک میکانیزمێکی گرنگ بۆ هاووڵاتیان کاردەکەن بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان دەربڕن و بانگەشە بۆ ئەو گۆڕانکارییانە بکەن کە پێیان وایە بۆ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر و پێویستن.

### 3.1 تایبەتمەندی خۆپیشاندان:

شەپۆلی نارەزایەتییەکان، کە لە سەرانسەری جیهاندا ڕوودەدات جیاوازن، کاریگەری زۆریان لەسەر جیهان بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هەیە. خۆپیشاندان بە مەبەستی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی پێچەوانە بەکاردەهێنرێت. ئاوێنەی مێژووی کۆمەڵگان و خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکن:

1- خۆپیشاندان هۆکارێکە بۆ نیشاندانی نارەزایی، ناسینەوەی کێشەکان و پێشکەشکردن چارەسەرەکان.

2- خۆپیشاندان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە، کە دانوساندنە لەگەڵ دەسەڵات.

3- لە دەربڕینی نارەزایەتییەکاندا کولتووری تاکەکان ڕەنگدەداتەوە. هەموو تاکێك دەتوانێ بە دەنگی نارەزایەتی بێتە سەر شەقام.

4- پێویستە ژمارەیەک لە وشە و دەستەواژەی سادەوساکار لە دەربڕینە نارەزایەتییەکان بەکاربێت، بۆ ئەوەی کردەی تێگەیشتنی ڕووبدات و هەست و سۆز بورووژێنێت.

5- خۆپیشاندان ئەوە نیشاندەدات کە دەتوانرێت دەسەڵات لە سەرکردە سیاسییەکان و حکومەتەکانەوە بگوازرێتەوە بۆ نەوە گەنجەکان، بەزۆری گروپە پەراوێزخراوەکان، تەنها بە بەکارهێنانی داهێنان و بوێری خۆیان. (**Mira BeЌar,** 2015, 339 )

### 4.1 ئامرازەکانی دەربڕینی خۆپیشاندانەکان

ئامرازەکانی دەربڕینی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان زۆرن وەك:

1- بانەر پارچە قوماشێکی درێژە کە وشەی لەسەر نوسراوە، کە دەتوانرێت بە دوو جەمسەرەوە بە شەقامەکاندا هەڵواسرێت، یان بە شەقامەکاندا هەڵبگیرێت.

2- دروشم: دەستەواژەیەکی کورتە کە ئاسانە لە بیرت بێت و لە سیاسەت، یان ڕیکلامدا بەکاردێت.

3- کارتۆن:-وێنەکێشانێکی کۆمیدی، بەتایبەتی وێنەکێشانێک لە ڕۆژنامە، یان گۆڤارێکدا کە گاڵتە بە ڕووداوێکی دەکات.

4- وێنەیەک، یان تابلۆیەک، یان وێنەکێشانێک.

5- پۆستەر: وێنەیەکی گەورەی چاپکراوە، یان ئاگادارییەک لە شوێنێکی گشتی، زۆرجار بۆ ڕیکلامکردن بەکاردێت.

6- کاریکاتێر: وێنەیەک یان وەسفێکی کەسێک کە دەرکەوتن یان ڕەفتارەکانی کۆمیدی تر و توندرەوتر دەکات لەوەی کە لە ڕاستیدا هەیە (-2010, 594-575-112-111 Oxford Wordpower dictionary 55-727) هەموو ئەم جۆرانە دەتوانن وشە، وێنەیەک، یان تێکەڵەیەک لە هەردووکی لەخۆبگرن.

### 5.1 شێوەکانی دەربڕینی خۆپیشاندان

کاتێك خەڵکی لە پێناو پرسە جیاوازەکاندا نارەزایەتی دەردەبڕن، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە چیتر بەرگەی شتەکان ناگرن بەو شێوەیەی کە هەیە. نارەزایەتییەکان هەمیشە کار بۆ ترساندنی دەسەڵاتداران بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری دەکەن. خاوەن دەسەڵاتەکان زۆرجار بژاردەیەکی تر بەکاردێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی خۆپیشاندەران، خۆپیشاندەران لە ڕێگەی سەرکوتکردنەوە مەترسی زیاتر لەخۆیان دوور دەخەنەوە. خۆپیشاندەران ناچاردەکەن وازیان لێبێنن.

نارەزایەتییەکان لایەنێکی بنەڕەتی کۆمەڵگا دیموکراسیەکانن و دەتوانن شێوەی جۆراوجۆریان هەبێت، لەوانە خۆپیشاندانی ئاشتیانە، ڕێپێوان، داواکاری، مانگرتن، بایکۆت، نافەرمانی مەدەنی.(5 ,Edison Lanza,2019 )

1- ڕێپێوان و گردبوونەوە: بەشداربووان لە شوێنێکی گشتیدا کۆدەبنەوە و پێکەوە دەڕۆن، زۆرجار تابلۆ، لافیتە، یان دروشم دەڵێنەوە.

2- نافەرمانی مەدەنی: داگیرکردنی شوێنە گشتیەکان، بیناکان، یان دامەزراوەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنج بۆ پرسێک، یان تێکدانی کارە ئاساییەکان. بە ئەنقەست شکاندنی یاساورێساکان وەک جۆرێک لە نارەزایەتی، زۆرجار بە مەبەستی تیشک خستنە سەر نادادپەروەری، یان هێنانەدی گۆڕانکارییە.

3- بایکۆت: ڕەتکردنەوەی کڕین، یان پەیوەندیکردن لەگەڵ هەندێک بەرهەم، خزمەتگوزاری، یان دامەزراوە وەک ئامرازێکی نارەزایەتی.

4- چالاکی ئۆنلاین: بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، داواکاری، پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ ڕێکخستن و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ دۆزییەک.

لە ئێستادا نارەزایەتییە گەورەکان زۆر ئاسانتر کاری ڕێکخستنیان بۆ دەکرێ لەڕێگای تەکنەلۆژیا دیجیتاڵییەکانەوە. دەتوانرێ لە پەیجێکی فەیسبووکەوە بۆ ملیۆنان کەس لە شەقامەکاندا کۆبکرێنەوە.

کە دەکرێت ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە بۆ چەند هەفتەیەک، یان تەنانەت چەند مانگێکیش بخایەنێت.

### 6.1 ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خۆپیشاندان و جۆرەکانی

ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان، تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ئاڵۆزییەکان و پاڵنەر و کاریگەرییەکانیان لەسەر کۆمەڵگا بەدەستدەهێنین. خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان بریتین لە کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە فەزای گشتیدا. قەبارەی کۆبوونەوەکە دەتوانێت لە نارەزایەتی بچووکی ناوخۆییەوە دەستپێبکات تا دەگاتە بۆنە گەورەکان کە سەدان هەزار یان تەنانەت ملیۆنان بەشداربووی تێدابێت. زۆرجار بەشداربووان بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان نیشانە و لافیتە و سروود و جۆرەکانی تری پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن. بۆ دەربڕینی گشتی بۆچوون، داواکاری، یان نارەزایەتی. نارەزایەتییەکان دەتوانن بەشداربووان لە پاشخانی جۆراوجۆرەوە ڕابکێشن، لەوانە کەسانی تەمەن و ڕەگەز و پێگەی ئابووری کۆمەڵایەتی و پەیوەندی سیاسی جیاواز. ئەم هەمەچەشنییە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ گەورەکردنی پەیامەکە و فراوانکردنی پشتگیری بۆ دۆزیەکە.

سەبارەت بە جۆرەکانی خۆپیشاندان دوو جۆری سەرەکی هەیە ئەوانیش: 1- خۆپیشاندانی ڕێگەپێدراو: ئەم جۆرەیان لەلایەن دەسەڵاتەوە مۆڵەتی پێدەدرێت. 2- خۆپیشاندانی ڕێگەپێنەدراو: ئەم جۆرەیان لەلایەن دەسەڵاتەوە مۆڵەتی پێنەدراوە بەبێ مۆڵەتی ڕێگپێیدانی دەسەڵات ئەنجامدەدرێت. (عثمان، 2015، 45)

ڕەنگە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان ڕووبەڕووی وەڵامی جۆراوجۆر لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ببنەوە، لە لێبوردەیی و خۆگونجاندنەوە تا سەرکوت و توندوتیژی. بوونی پۆلیس، ڕێوشوێنی کۆنترۆڵکردنی قەرەباڵغی و سنووردارکردنی یاسایی بۆ کۆبوونەوە هەموویان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر داینامیکی نارەزایەتییەک هەبێت.

ڕەنگە هەندێک لە نارەزایەتییەکان توندوتیژی، یان زیانگەیاندن بە موڵک و ماڵی تێدا بێت، بەڵام زۆرێک لە خۆپیشاندانەکان جەخت لەسەر تاکتیکی ناتوندوتیژ دەکەنەوە وەک ڕێپێوانی ئاشتیانە، دانیشتن، یان بایکۆت. نافەرمانی مەدەنی، کە خۆپیشاندەران بە ئەنقەست یاساوڕێساکان وەک جۆرێک لە نارەزایەتی پێشێل دەکەن، لە هەندێک بزووتنەوەشدا باو بووە.

خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان بەزووترین کات هەوڵدەدەن سەرنجی میدیاکان ڕابکێشن. ڕەنگە بەشداربووان بە شێوەیەکی ستراتیژی شوێن، یان کاتی هەڵبژێرن بۆ ئەوەی زۆرترین بینینیان هەبێت. لە سەردەمی نوێدا زۆرجار خۆپیشاندەران سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن بۆ گەورەکردنی پەیامەکەیان و ڕێکخستنی نارەزایەتی. ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە دارشتنی زمان و پەیامی نارەزایەتییە مۆدێرنەکان، هەروەها ئاسانکاری دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و خۆپیشاندەران. ئەمەش دەتوانێت کاریگەری لەسەر زمانی بەکارهێنراو هەبێت، خۆپیشاندەران بە مەبەست زمانی گشتگیر بەکاربهێنن بۆ جەختکردنەوە لەسەر هاودەنگی و یەکڕیزی نێوان بەشداربووان. وەك بایکۆت بەردەوامە.

### 7-1 هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان

کاریگەریی نارەزایەتییەکان جیاوازن بە گوێرەی فاکتەرەکانی دەشێ بە شێوەیەکی بەرفراوان بن. نارەزایەتییە سەرکەوتووەکان دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری بەرجەستە وەک چاکسازی لە سیاسەت، گۆڕانکاری لە بیروڕای گشتی، گۆڕانکاری لە سەرکردایەتی حکومەت. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان جۆراوجۆرن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازن گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان ئەمانەن:-

1- هۆکاری ئاینی: یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی خۆپیشاندانەکان بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای گەورەیە بە هۆی ململانێ ئاینی و مەزهەبە جیاوازەکانەوە، تاك بڕیاری خۆپیشاندان دەدات. ئاین یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی خۆپیشاندانەکان، چونکە ئاین بونی خۆی بەچەند جۆرێك سەلماندووە چ وەك بوونێکی سیاسی چ وەك پارتە سیاسییە ئاینییەکان چ وەك هاندان و کۆکردنەوە. هاندان و کۆکردنەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە خۆپیشاندانەکان بەتایبەتی لە مینبەری مزگەوتەکانەوەکە هانی خەڵکی دەدات بۆ گردبونەوەو خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی. (عثمان، 2015 ،51)

2- هۆکاری سیاسی: هۆکاری سەرەکی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان هۆکاری سیاسییە، دەسەڵاتی سیاسی کاریگەریی لەسەر بڕیاری تاکەکان هەیە, بوونی سەقامگیریی نێودەوڵەتی لە دەوڵەتی داگیرکەر و بەکارهێنانی هێز دژی دەوڵەتی لاواز و ڕوونی ڕێبازی سیاسی و سەقامگیرییەکەی و کارکردن بەگوێرەی پێوەرەکان لە چوارچێوەی دیاریکراو متمانە لای تاك دروستدەکات، بەمەش سەقامگیریی مەعنەوی لەلای هاووڵاتی دروستدەبێت، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. (کساب 2002: 45) زۆرجار ململانێ سیاسییەکان و ناجێگیری سیاسەت لە وڵاتدا دەبێتە هۆی جوڵانی خەڵك بۆ خۆپیشاندان وەك تاکرەوەی دەسەڵات و ڕێگەنەدان بەدەستاوەدەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، یان ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکان و دانانی خزم وکەسی دەسەڵات لە پلە و پایە بەرزەکان یان بونی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی بەهێز دەکرێ ببێتە هاندەر بۆ خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی (عثمان،2015، 48)

3- هۆکاری ئابووری: بنەمای ئابووری بەدرێژایی مێژوو یەکەم هۆکار بووە، جیاوازیی خستۆتە نێوان مرۆڤەکان، بەجۆرێك بۆتە هۆی دروستبوونی سەقامگیریی دەروونی لەلای تاك، تاکو داهاتی تاك بەشی پێداویستییەکانی خۆی و خێزانەکەی بکات، ئەوا سەقامگیریی ئابووری جێگیرتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە دەبێتە هۆی ڕازینەبوون و ڕق وکینە بەرانبەر کۆمەڵگاکەی بەتایبەتی ئەگەر بینی جیاوازیی چینایەتی هەیە بە بێبوونی هیچ هۆکارێك، ئەگەر سەقامگیریی ئابووری مرۆڤ جێگیر نەبوو، بە واتایەکی تر بەهۆی هەژاری و برسێتی و نەبوونی کار و خۆشگوزەرانی و بێکاریەوە بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر و بە ناچار خۆپیشاندان دەکات، ئەم خۆپیشاندانەش تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی زمانی لێدەکەوێتەوە. (کساب، 2002: 46)

کە ئەمەش زۆرجار لەئەنجامی سیاسەتی ئابووری ناڕوون و نەگونجاوەکان ئەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هاووڵاتیان دروستدەکات وەك قۆرغکردنی بازار و زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و بێکاری بەتایبەتی لە ناو چینی گەنجان و خاوەن بڕوانامە و دانەمەزراندنی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و پێنەدانی موچە بە فەرمانبەرانی حکومەت. (عثمان،2015، 49) خەڵکی بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر و ئاسودەتر خۆپیشاندان ئەنجامدەدات.

4- هۆکاری (کارەساتی سروشتی): ڕەوشی جوگرافی ڕەنگە ببێتە سەرچاوەی فراوانبوونی بڵاوبوونەوە و خۆپیشاندانەکان. لەکاتی ڕوودانی کارەساتە سروشتییەکان بەسەر شار و شارۆچکەکان و وێران بوون، یان نیمچە وێران بوون. کارەساتی سروشتی وەك گڕکانەکان و بومەلەرزە و لافاو تۆفان و سوتانی دارستانەکان و... لەم کاتانەدا ئەگەر حکومەت نەیتوانی وەك پێویست مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکات و خواردن و شوێنی نیشتەجێبون بۆ لێقەوماوان دابینبکات نارەزایەتی و خۆپیشاندانی لێدەکەوێتەوە. وەك خۆپیشاندانی پەنابەران ئاوارەکان لە کەمپەکان. (عثمان،2015، 50)

5- هۆکاری ئەکادیمی: خوێندن یەکێکی ترە لەو ڕێگایانەی کە کاریگەری لەسەر خۆپیشاندانەکان هەیە. لە ڕۆژگاری ئەمرۆ خەڵکی گرنگی بەدەستهێنانی زانست دەدات. لەکاتی دابینەکردنی ئەو و مافە و پێشێلکردنی، زۆربوونی ئەرك سەرشانیان خوێندکاران و مامۆستایان بەناچاری پەنا بۆ خۆپیشاندان دەبەن.

### 8-1 زمان و پەیوەندیکردن و دەربڕینی نارەزایەتییەکان لە شەقام

لە کۆمەڵگاکاندا هەمیشە پەیوەندی لە نێوان خەڵك و خاوەن دەسەڵاتی نایەکسانە، بیروباوەڕەکان سەبارەت بە دۆخە تایبەتەکان بە جۆراوجۆر دابەشبووە، کە پڕن لە نادادپەروەری کۆمەڵایەتی. شەقامیش وەک ناوەندێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەکاردێت. گۆڕانکاری لە شەقام ڕوودەدات. شەقام بۆ گواستنەوە و جووڵە و نارەزایەتییەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر سەیر دەکرێت. هەر لە شەقام دەربڕینی ئازادی و ڕەفتاری ئەرێنی و توندوتیژی و ڕەفتاری نەرێنی بەیەکەوە بەستراوەتەوە. واتە شەقام ناوەندێکە بۆ بەشداری دیموکراسی.

زمان بەشدارییەکی بەرچاوی لە ئالوگۆڕی پەیوەندییەکان هەیە، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە نارەزایەتییەکاندا، وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندیکردن و کۆکردنەوە و دەربڕینی نارەزایەتییەکان کاردەکات. لێرەدا زمان چۆن لەگەڵ نارەزایەتییەکان دەبڕێت:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp200-210

1. ناردنی پەیام: زۆرجار بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان پشت بە دروشم و سروود و پەیامی گرنگ دەبەستن بۆ گەیاندنی ناڕەزایەتییەکانیان بە شێوەیەکی کورت و کاریگەر. دەتوانن لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و تابلۆ و لافیتە و پەیامی بزووتنەوەکە گەورەتر بکەن بە خێرایی بڵاوببنەوە. (BeḰar, 2015, p. 344)

2. یەکگرتووی و یەکدەنگی: زمان یارمەتیدەرە بۆ یەکخستنی گروپە جۆراوجۆرە ناڕازییەکان بە دابینکردنی وشەی سەرنجڕاکێش و گێڕانەوەی هاوبەش. هەستکردن بە هاوەدەنگی لە نێوان بەشداربووان پەروەردە دەکات، ناسنامە و ئامانجی بەکۆمەڵیان بەهێز دەکات.

3. سیمبۆلیزم: خۆپیشاندەران لە زماندا هێما و مێتافۆر بەکاردەهێنن بۆ وروژاندنی وێنەی بەهێز و گەیاندنی واتای قووڵتر.

4. ڕازیکردن: دەتوانێت تەماشاکەران و داڕێژەرانی نارەزایەتییەکان خەڵک ڕازی بکەن کە پشتگیری لە دۆزیەکان بکەن. زۆرجار سەرکردەی ناڕەزایەتییەکان تەکنیکەکانی زمانی ڕازیکردن وەک بانگەوازکردن بۆ هەست، لۆژیک و متمانە بەکاردەهێنن بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی و وەرچەرخانی بۆچوونەکان. ڕازیکردن کردەیەکی لەلایەن تاك بەکاریدەهێنرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی کەسی بەرانبەر. قسەکەر بۆ ڕازیکردنی کەسی بەرانبەر پێویستی بە شارەزایی و لێهاتووی هەیە. ڕازیکردن کردەیەکی ئامانجدارە، بۆ مەبەستێك ئەنجامدەدرێت. ((ڕازیکردن هونەری دواندنی خەڵکە بەئامانجی کارتێکردن)).(السویدان 2017 :16) ئەم هونەرەش پشت بەهەردو لایەنی لۆژیك و زمان دەبەستێ، واتە قسەکەر تاچەند دەتوانێت لەڕێگەی زمانەوە گوێگر(وەرگر) ڕازیبکات، نابێت ئەوەش لەبیربکەین هەریەك لە ئایین و بیروباوەری تاك و پێویستی ژیان ڕۆڵی سەرەکییان لە کردەی ڕازیکردن هەیە. زمان هەندێکجار بۆ دەربرینی هەستوسۆز، یان بۆ هەواڵدان، یان فەرماندان، یان ئاراستەکردن، یان... بەکاردێ، هەمو ئەمانە مەبەستێکی تری لە پشتە، کە ئەرکی ڕازیکردنە، واتە ڕازیکردن جگە لەوەی بەشێکی زۆری ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە لەهەمانکاتدا ئەرکێکە لە ئەرکەکانی زمان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەی زمانیش پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و باری دەرونی و کات و شوێن و بۆنەو پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواری، ڕۆڵ دەبینین لە چۆنییەتی کارتێکردنی کەسی بەرانبەر و ڕازیکردنی. (شەمس، 2006، 63-66)

پەیوەندییەکی بەهێزە لە نێوان بەکارهێنانی زمانی کاریگەر و هەستەکان هەیە وەک ئامرازێک بۆ ڕازیکردن. بانگەوازی سۆزداری بۆ وروژاندنی هەستەکان لەنێوان خۆپیشاندەران وەک بنەمایەک بۆ ڕازیکردن بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕووداوەکان کارلیك بکەن. بۆ ئەوەی بانگەوازی سۆزداری بەکاردەهێنرێت مرۆڤ هەست بە دڵتەنگی، تووڕەیی، تاوانباری، دڵخۆش، یان هەر هەستێک کە دەیەوێت بەدەستبهێنرێت. لەم حاڵەتەدا زمانی مەجازی بۆ وێناکردنی هەستەکان بەرامبەر بە هەندێک پرس بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە هەستەکان دەتوانن ئەرێنی بن خۆشی و شادی و گەرمی، یان نەرێنی وەک خەم و ترس و تووڕەیی بن. بۆیە ئەم هەستانە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاکەکان هەبێت. لە هەر فۆرمیکی دەربڕین کە هەڵگری هەستەکان بێت.

**9.1 هێزی زمان و ئایدۆلۆژیا لە گوتاری ناڕەزایەتیدا:**

شیکردنەوەی گوتاری نارەزایەتی چەند ئامانجێکی هەیە، یەکێك لەو ئامانجانە هۆشیارکردنەوەی خەڵکییە لەو نادادی و کۆنترۆڵکردنەی، کە لەڕێگای زمانەوە ئەنجامدەدرێت. هێزی زمان مەبەستدارە، چونکە دەیەوێت لەڕێگای شیکردنەوەی گوتاری نارەزایەتی(ڕەخەگرانە) هەموو پەیوەندییە شاراوەکانی ناو گوتارو دەوروبەرەکەی ئاشکرا بکات، جا پەیوەندی ڕازیکردن، کۆنترۆڵکردن، ئاراستەکردن بێت. زمان دەکاتە چەکێکی بەهێز بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەر، چونکە دەسەڵات زمان تەنها بەواتای خزمەتی زمان نایە، بەڵکو زمان دەتوانێ دەسەڵات دەستنیشانبکات و ببێتە چەکێکی کاریگەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە دەسەڵاتی دەرەوەی زمان دروستی دەکات بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی عەقڵی جەماوەر بکات.

زمان وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ دەربرینی ناڕەزایەتییەکان و داڕشتنی گێڕانەوەکان و پەروەردەکردنێکی یەکگرتوو و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی کاردەکات. خۆپیشاندەران دەتوانن ناڕەزایەتییەکانیان بخەنەڕوو و تەحەدای نادادپەروەری بکەن و داکۆکی لە کۆمەڵگایەکی دادپەروەرتر و بکەن.

لە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکاندا، ئەرکی زمان لە هەڵبژاردنی وشەی سادەیە، بۆ ئەوەی بە تەواوی تێبگەین واتای پەیامەکە بە ڕوونی بگەیەنرێت، هەروەها گرنگە بزانین کە چۆن دەڵێت چی دەڵێت، چی لە ئامادەبووان دەوروژێنێت. بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆپیشاندەران هەردوو زمانی بینراو و بیستراو بەیەکەوە دەگونجێن. بەکارهێنانی ئامرازەکانی دەربرینی نارەزایەتییەکان وەک میدیای پەیوەندی، دەبێت بە خێرایی بگاتە ئامادەبووان، چونکە بینەر کاتێکی زۆری ناوێت بۆ ئەو پەیامەی کە وەریدەگرێت. پەیامەکەش بە ڕوونتر دەگەیەنرێت لە ڕێگای بەکارهێنانی وێنە و وشەوە بۆئەوەی پەیامەکە سەرکەوتووتر بێت بۆ ئەوەی خۆپیشاندەران دروشمەکانیان سەرکەوتووتر بێت پێویستە جگە لە زمانی زگماکی خۆیان دروشمەکان بە زمانێکیتریش بنوسرێت بۆنمونە بەزمانی عەرەبی یان زمانی ئینگلیزی بنووسرێت، لەبەرئەوەی خۆپیشاندەران وا هەستدەکەن پرسەکەیان دەبێتە پرسێکی جیهانی، چونکە میدیای نێودەوڵەتی بۆ خۆیان ڕادەکێشن، بەڵام ئەگەر هەر بەزمانی زگماکی خۆیان بنوسن ئەوا پرسەکە بە ناوخۆیی دەمێنێتەوە.(Bekar, 2015, p. 344)

بە گوێرەی کریستاڵ، "زمان کاتێک گەشە دەکات،کە ڕۆڵێکی تایبەتی هەبێت و پێگەیەکی ڕاستەقینەی جیهانی بەدەستبهێنێت کە لە هەموو وڵاتێکدا دانپێدانراوەبێت" (crystal,1997, 2).لە ناڕەزایەتیدا، ڕاستە گرنگ نییە چەند کەس بە زمانەکە قسە دەکەن، بەڵام گرنگە کێ قسەی پێدەکات، ئەوانەی کە قسەی پێدەکەن دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریان نییە. (Bekar, 2015, p. 340)

زمان، ئایدۆلۆژیا و ناڕەزایەتی بە قووڵی تێکەڵاون، زمان وەک ئامرازێک بۆ دەربڕین و بەهێزکردن و کێبڕکێی بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژی لەناو بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکاندا کاردەکات. ئایدۆلۆژیا ((بنەمای ئەو نوێنەرایەتییە کۆمەڵایەتیانەیە کە ئەندامانی گرووپێک هاوبەشن. ئەمەش بەو واتایەیە کە ئایدۆلۆژیاکان ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدەن، وەک ئەندامانی گروپ، فرەیی بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بەوەی کە دۆخەکە چییە، باش یان خراپ، ڕاست یان هەڵە، بۆیان ڕێکبخەن و بەو پێیەش مامەڵە بکەن)) (van Dijk ,T.A. 1998, 8). واتە ئایۆلۆژیا هەندێکجار سیماو خەسلەتی نەرێنی هەندێکجاریش سیماو خەسلەتی ئەرێنی هەڵگرتووە. (Goodson) دەڵێت کە ((ئایدۆلۆژیا ئەو جەختکردنەوە و کۆکردنەوەی پلانانە نیشاندەدات کە کۆمەڵگاکان هەیانە بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان، بۆ بەڕێوەبردنی هەموو ئەو شتانەی کە لە نێوانیاندا دەڕۆن)) (Goodson, P. (2010,35).

بەکارهێنانی هێما و مێتافۆر وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ گەیاندنی پەیامی ئایدیۆلۆژی لە ناڕەزایەتیەکاندا کاردەکەن. لە مشتە بەرزەکانەوە کە هێمای هاودەنگی و سەرپێچییە تا هێمای ڕەنگ کە نوێنەرایەتی هۆکارە جیاوازەکان دەکات (بۆ نموونە سور بۆ دەرکردن)، زمانی هێمادار واتا ئایدیۆلۆژییەکان بەهێز دەکات هێمای (v) بەپەنجە هێمای سەرکەوتنە.

لە بنەڕەتدا زمان هەم وەک ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژی و هەم وەک ئامرازێک بۆ داڕشتن و کێبڕکێکردنیان لەناو بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بە شیکردنەوەی ئەو زمانەی کە لە ناڕەزایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت، دەتوانین تێڕوانینێک سەبارەت بەو ئایدۆلۆژیایە بنەڕەتیانەی کە ئەم بزووتنەوەیانە بەدەستبهێنین.

بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان تەحەدای ئایدۆلۆژیا سەرەکییەکان دەکەن و دیدگای بەدیل بۆ پرسە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان پێشکەش دەکەن. خۆپیشاندەران لە ڕێگەی زمانەوە ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیا باڵادەستەکان دەخەنە ڕوو، گریمانە بنەڕەتییەکانیان دەشێوێنن و دژایەتییەکان ئاشکرا دەکەن.

### 10.1خۆپیشاندانی مامۆستایان

لە هەوڵە یەکگرتووەکاندا بەدرێژایی پێنج مانگ، مامۆستایانی قوتابخانەکانی سنوری ناوچەی سەوز بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کرد، هەزاران مامۆستای بەرەو بەردەم بەرەێوەبەری پەروەردەکان کۆدەبونەوە ناڕەزایەتی دەربڕی، هەڵمەتەکە سەرتاسەری بوو لە سنوری زۆنی سەوز. ناڕەزایەتییەکە لە ڕووی بینراوەوە شایستە و دەوڵەمەند بوو، مامۆستایان پەیامەکەیان دەگەیاند

داوای مافەکانیان کرد، لە ناڕەزایەتییەکی شارستانیدا. لە 3ی ئەیلولی 2023 لە پارێزگا جیاوازەکانی سنوری سەوز(سلێمانی،هەڵەبجە،هەولێر تەنها کۆیە) زەنگی باکۆد لێدرا. مامۆستایانی قوتابخانەکان لە سنوری بایکۆد بە کەڵک وەرگرتن لە سەدان پارچە تابلۆ و هێما لە ڕێگەی میدیای گشتی وەک فەیسبووک، واتسئەپ، تویتەر، سناپچات، و ئینستاگرام ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو بۆ گەیاندنی دۆزی خۆیان، نیگەرانییەکانیان، وروژاندنی پرسیارەکانیان، ناوەرۆکی پەیامەکەیان کە بێدەنگ نابن بەردەوام دەبن تاکو مافەکانیان بۆ نەگەڕێتەوە.

مامۆستایان داوای پێدانی مووچەی سێ مانگیان دەکرد لەگەڵ دامەزراندنی مامۆستایان. خۆپیشاندانی مامۆستایان نیشانە پەیوەندیدارەکان هۆشداری و هەڕەشەکانیان بڵاوکردەوە، کە بایکۆت کۆتای نایە. هەرچەندە کابینەی نۆیەم هیچ وەڵامێکی مامۆستایانی نەدایەوە بەگشتی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان  کە لە ساڵی 2014 هوە مافەکانیان پێشێلدەکرێت، وەزیری پەروەردە فەرمانی وەزاری دەرکرد بۆ کۆتای هاتنی بایکۆت دەڵێت (دەبێت) مامۆستایان بچنەوە هۆڵەکانی خوێندن. ئەم وشەی (دەبێت)ە مامۆستایان بچنەوە هۆڵەکانی خوێندن هەزاران مامۆستا و دایک و باوکی یەکخست دژی وەزیری پەروەردە، مامۆستایان نارەزاییان ڕایانگەیاند، کە ئەم (دەبێت)ە (نابێت) وەك وەڵامدانەوەیەکی وەزیری پەروەردە خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە شارە جیاوازەکان بەڕێوەچوو تاوەکو سەرکەوتن بەدەستنەهێنن ناچنەوە هۆڵەکانی خوێندن. هاشتاگەکانی بایکۆت بەردەوامە، ئاماژەن بۆ ئەوەی هەموو مامۆستایان وەک یەک یەکگرتوو بوون.

به شێوەیەکی سەرەکی مامۆستایان لە هێڵی پێشەوە بوون بۆ شەڕکردن بۆ خۆیان هۆکارن بۆ پاراستنی کەرامەتیان، بەڵام بەکارهێنانی فەرمی تابلۆ و هێماکان بە شێوەیەکی سنووردار بوو. واتە هەموو ئەو دروشمانەی کە ئەم مامۆستایانە بەکاریان دەهێنا. مامۆستایانی سنوری بایکۆد بەڵگەی ئیلهام و زیرەکی مامۆستایان بوو وەک ئەزموونێکی جیاواز کە وانەیەکی ئەخلاقی سەرنجڕاکێشی فێرکردنیان کردە ئامانج. جگە لەوەش، دۆزی خۆیان بە گشتی و میدیاکان بە شێوازێکی زۆر زیرەک گەیاند کە بەهای مامۆستایان و بە درێژایی کات تیایدا بەدیدەکرد.

## 2. شیکردنەوەی زمانی خۆپیشاندەران

### 2ـ 1 شێوازە دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان

پێویستە لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا سەرنجمان لەسەر زمانی خۆپیشاندان بێت بزانین خۆپیشاندەران بە چ شێوازێك قسەدەكەن؟ قسەکانیان چۆنە؟ ئایا قسەی گاڵتەجاڕی، هەڕەشە، سوکایەتپێکردن لە ناڕەزایەتیەکاندا هەیە؟ قسەکەر چ جۆرە شێوازێك بەکاردەهێنێت؟ لەسەر بنەمای لایەنی دەروونی شێوازەکانی دەربڕین چەند شێوەیەکن:

1ـ شێوازی ڕەق: ئەم شێوازە پەیوەندی بەشڵەژانی باری دەروونی و بابەتەکەوە هەیە، بەکارهێنانی شێوازی ڕەق کاریگەری لەسەر باری دەروونی گوێگر هەیە و ڕێزلێنانیشی تێدا نییە. (شمس، 2006، 39) **((وانە ماف دەڵێینەوە شکۆ دەگێڕینەوە ئەم بایکۆتە ناشکێنین تا مافمان بەدەستنەهێنین))**

لەم دروشمەدا خۆپیشاندەران شێوازێکی ڕەقیان بەکارهێناوە، کە مامۆستایان بەردەوام لەوانەوتنەوە، بەڵام ئەمجارەیان وانە لەسەر شەقام دەڵێنەوە، کە وانەی ماف و گەڕانەوەی شکۆیە، چونکە مامۆستایان شکۆیان شکاوە و باری دەرونی و ئابوریان ڕوخاوە، بۆیە بایکۆد بەردەوامە وناچنەوە هۆڵەکانی خوێندن لەسەر شەقام دەمێننەوە.

**2ـ شێوازی هەڕەشە:** شێوازێکی تری دەربرینی ناڕەزایەتییەکانە بۆ تۆڵەسەندنەوەو هەڵوێست وەرگرتن بەکاردێت و ڕێزیشی تێدانییە. هەندێکجار هەڕەشەکان بەتوندو تیژی دەردەبڕدرێن هەندیکجاریش بە نەرمی(شمس، 2006، 40) ((تاکو نیو موچە مابێ ئەم شەقامە چۆڵ نابێت)).

((هەربەچەپڵەو بە فیکە ڕاماڵینتان نزیکە))

لەم دروشمانەی سەرەوە خۆپیشاندەران هەڕەشە لە حکومەت دەکەن کە تاکو نیو موچە مابێت قەیرانی ئابووری هەبێت ئەوانیش لەشەقام بەردەوام دەبن. حکومەت هێندە لاوازن ڕوخانیان زۆرنزیکە نەك بەزەبری هێز، بەڵکو هەر بە چەپڵە و و بە فیکە دەروخێن و کۆتاییان پێدێت.

**3ـ سوکایەتی پێکردن:** ئەوە شێوازی قسەکردنەیە کە قسەکەر سوکایەت بەگوێگر دەکات و هیچ ڕێزێکی بۆ دانانێت، وا نیشاندەدات کە گاڵتە دەکات، بەڵام مەبەستی پێچەوانەی ئەو شتەیە کە دەیڵێیت (Oxford Wordpower ,2010,422 dictionary)

((حکومەتی ساختەچی پارەی نەوتت دابەچی))

لەم دروشمە خۆپیشاندەران سوکایەتی بەحکومەت دەکەن کە حکومەتێکی دزوساختەچییە داهات و پارەی نەوت دیارنییە و پارەی میللەتی خواردوە.

**4ـ پلار و توانج:** شێوازێکی تری دەربرینی نارەزایەتی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەگوێگر بڵێ و توانای دەربرینی ڕاستەخۆی نەبێت، بریتییە لە بەکارهێنانی توانجێك بۆ هێرشکردنە سەر کەسێک، بیرۆکەیەک، یان ڕەفتارێک کە مرۆڤ پێی وایە خراپە، یان گەمژەیە. (Oxford Word Power Dictionary, 2010, p. 680). هەندێکجار تەنز بۆ ئامانجی بزوێنەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دروستدەکرێت. ئەگەر توانج و تانە لێدان توندی زیاتری پێوەدیاربێت دەچێتە خانەی هێرشکردن و سوکایەتی پێکردن، زۆرجار هەستی کەسی بەرانبەر بریندار دەبێت.( شمس، 2006، 40) لەدرێژەی خۆپیشاندان و نارەزایەتییکان جگە لە حکومەت وەزیری پەروەردەش کەوتە بەر تەنزی خوێندکاران و مامۆستایان خوێندکاران بەتەنزەوە ناوی وەزیری پەروەردە دەهێن.

((ئالانی حەمەسەعید کاتمان نییە بۆ سەعی)) ((ئەی وەزیری پەروەردە دەست لە پۆستەکەت بەردە))

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp200-210

((چیتان دەوێ خوێندکاران کەمکردنەوەی مەنهەجمان))

لەم دروشمانەی سەرەوە توانج لە وەزیری پەروەردە دەدەن، کە بەهۆی بایکۆدی خوێندن کاتیان لە کیس چووە و کاتیان نەماوە بۆسەعیکردن، بۆیە با واز لەپۆستەکەی بهێنێت کە هیچ چارەسەرێکی پێناکرێت بۆ مامۆستایان.

**5- گاڵتەئامێز:** ئەم شێوازە بۆ خۆشی و پێکەنینە، لە پلەی ڕێز لە گەڵ پلار و توانج زۆرلێك نزیکە سنوری دیاریکراوی نێوانیان پلەی ڕێز و هەست بریندارکردنە هەرکاتێ گاڵتەکردن گەیشتە ئاستی هەڵچوون و تورەکردن و بریندارکردنی هەستی بەرانبەر دەچێتە خانەی توانجلێدان و سوکایەتیپێکردنەوە. (شمس، 2006، 40) بەکارهێنانی ئەم دەربڕینە لە ڕاستیدا بۆ واتای پێچەوانەکەیەتی. خەڵک گاڵتەجاڕی بەکاردەهێنن بۆ ڕەخنەگرتن لە کەسانی دیکە، یان بۆ ئەوەی گەمژە دەربکەون.( Oxford Wordpower dictionary ,2010,680)

((حکومەتی قەیراناوی تەرنابێ وەك مراوی))

مامۆستایان لەم دروشمە گاڵتە بە حکومەت دەکەن و دەیشووبهێنن بە مراوهی، کە قەت تەرنابێت.

**6- نوکتە:** یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان، چونکە هەندێکجار ناتوانی ئەوەی کە هەتە ڕاستەوخۆ بەگوێگری بڵێت بۆیە پەنا دەبەیتە بەر نوکتە، نوکتەش دەچێتە خانەی گاڵتەوگەپەوە. نوکتە وەك هەر گوتنێکی تر لەگەڵ واتادا هەڵسوکەوت دەکات، زۆربەر نوکتەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەبەستەکە دەرنابرن، بەڵکو لەپاڵ گوتنەکە مەبەستە ناڕاستەخۆکەی دەڵێن.(حوسێن،2016 ،8)

هەمووومان بە نوکتە پێدەکەنین، نوکتە شتێکی کۆمیدییە. ئەمە ڕاستییەکی بێگومانە، بەڵام ڕاستییەکی تر کە چەند کەسێکمان درکی پێناکەن ئەوەیە کە نوکتە دراوێکی دوو ڕوویە. چالاکوانان لە سەرانسەری جیهاندا، نوکتە وەک توخمێکی کاریگەر لە نارەزایەتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەڕوانن. نوکتە بەهێزترین چەکی بەکارهێنانی خۆپیشاندانەکانە. تەکنیکێکە بۆ نارەزایەتی دەربڕین کاتێک خۆپیشاندەران بڕیار دەدەن ڕەخنە لە ڕژێمەکان بگرن، دەتوانرێت لە نارەزایەتی کۆمەڵایەتیدا بەو شێوەی قسەی زل، هێڵی پەنجە و بەگاڵتەکرن نارەزایەتییەکانیان بخەنەڕوو.

## 2.2 شیکردنەوەی زمانی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان

ڤان دایک لە مۆدێلی شیکردنەوەدا دوو پۆلێن دەخاتەڕوو. ئەم دوو پۆلینە بریتین لە: دروستەی جیهانی و دروستەی ناوخۆیی(van Dijk ,T. A. 1988 ,17)

1. دروستەی جیهانی: ڤان دایک دەڵێت کە دروستەی جیهانی ئاماژەن بۆ بابەتە گشتیەکانی دەقێک(van Dijk ,T. A. 1988,13)، هەروەها ڤان دایک باس لەوە دەکات کە لە شیکردنەوەی ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا، بابەت، یان تەوەرەی سەرەکی گرنگە، چونکە دەتوانرێت زۆرێک لە ڕاستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی هەواڵ لە ڕێگەی بابەتێکی سەرەکییەوە نیشانبدرێت(( van Dijk ,T. A. 1991,72

2. دروستەی ناوخۆیی (وردە پێکهاتە): ڤان دایک دەڵێت کە وردە پێکهاتە ئاماژەیە بۆ ((واتای وشە، گروپی وشە، بڕگە، ڕستە و پەیوەندی ڕستە)) کە مەبەستی کەرەسەکانی زمانە (van Dijk ,T. A. 1988,170). ڤان دایک باس لەوە دەکات کە وردە پێکهاتەی گوتار لە دەربڕینی نارەزایەتییەکان لە واتا، شێواز، وشە و ڕستەکان، پێشگریمانە، گریمانە، دەرئەنجام، شاردنەوە،... چڕدەبێتەوە. van Dijk ,T. A. (1991,176 )

شیکردنەوەی گوتار پەیوەستە بە بەکارهێنانی هەردوو زمانی ئاخاوتن و نوسین، کە هەریەك لە دەنگ و وشەو واتاو پراگماتیکدا دەگرێتەوە.

شیکردنەوەی گوتار لە ئاستی دەنگ: لە ئاستی دەنگ کار لەسەر فۆنیمە ناکەرتییەکان دەکات، کە هێز و ئاوازە و وەستان و تۆن دەگرێتەوە. ئێمە لێرەدا تەنها باس لە تۆن دەکەین. تۆن بریتییە لە تۆنی دەنگی خۆپیشاندەران کە بەشێوەیەی ئاسۆیی، یان هەڵسان و کەوتن دەردەبڕدرێت.(هاوسەر،2022، 72-77) لە ژێر کاریگەریی هۆکاری جۆراوجۆردایە، لەوانە ئاستی بێزاری و بەپەلەیی دۆزی خۆیان و تێڕوانینیان بۆ وەڵامدانەوەی دەسەڵاتدارانە. خۆپیشاندەران لەوانەیە تۆنێکی سەرپێچیکارانە بگرنەبەر ئەگەر هەست بکەن مافەکانیان پێشێلدەکرێت، یان ئەگەر هەست بە نادادپەروەری بکەن. بە پێچەوانەوە، لەوانەیە هیواخوازی، یان ئیرادە دەربڕن ئەگەر پێیان وایە گۆڕانکاری لە ڕێگەی کردارەکانیانەوە بەدەستدێت. واتە تۆنی خۆپیشاندەران دەتوانێ لە سۆز و تورەییەوە دەستپێبکات تا ئاشتیخوازانە و ئیرادە. ئەمەش دەتوانێت جیاواز بێت بەپێی توندی ئەو پرسە کە نارەزایەتیان دەربڕیوە، ئەزموونە کەسییەکانیان و ئەو وەڵامەی کە لە دەسەڵاتداران وەریانگرتووە. لە هەندێک حاڵەتدا خۆپیشاندەران ڕەنگە تۆنێکی ڕووبەڕووبوونەوە بگرنەبەر ئەگەر هەستیان کرد دەنگیان نابیسترێت، یان ئەگەر وەڵامیان نەدرێتەوە.

2. ئاستی وشەسازی: زۆرجار خۆپیشاندەران زاراوەی، یان تەکنیکی زمانێکی تایبەت بەکاردەهێنن کە پەیوەندی بەو بوارەوە هەیە کە قسەی لەسەر دەکەن. بۆ نموونە دەربڕینی نارەزایەتی مامۆستایان لەگەڵ بایکۆتکردی هۆڵەکانی خوێندن، زاراوەی وەک بایکۆت، بەردەوامە، داهاتی وڵات، دابەشکردنی سامان، موچە، دز، مەعاش، ئاشبەتاڵ، فشار، قەڵەم،... بەکاردهێنن.

بەپێی سروشتی نارەزایەتییەکە، خۆپیشاندەران ڕەنگە زمانێکی سۆزداری، یان وروژێنەر بەکاربهێنن بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان بە شێوەیەکی کاریگەر، هەروەها دووبارەکردنەوە وشەکان بەواتای دووبارەبوونەوەی گرنگیەکی تایبەتی هەیە، کە بۆ جەختکردنەوەیە. دز دز دەسەڵات

3- ئاستی واتا: لەئاستی واتا چەند شێوەیەك بۆ گەیاندنی واتا بەکاردیت:

1- واتای وشەیی: واتای لێدوان و دروشم و هێماکان، کە مەبەست لێی تێگەیشتن لەو وشە و دەستەواژانەیە، کە بە بەهای ڕووکەش بەکارهێنراون.

2- هەڵبژاردنی وشەیی: خۆپیشاندەران ئەو وشە تایبەتانە هەڵدەبژێردرێن کە واتاکانیان کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی وەرگرتن و لێکدانەوەکانی پەیامەکان هەبێت. ڕەنگە هەندێک وشە قورسایی سیاسی، کۆمەڵایەتی، یان کولتووری هەڵبگرن.

3- هێماگەرایی: بەکارهێنانی زمانی ڕەمز، یان ئەو وێنەیەی کە لە نارەزایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت واتای قووڵتر دەگەیەنێ. هێماکان دەتوانن گرنگییەکی کولتووری، مێژوویی، هەڵبگرن. وەك بەکارهێنانی کارتی سور بەواتای دەرکردن و ڕۆیشتن دێت. هێمای(v) بەواتای سەرکەوتن دێت.

4- مێتافۆر و زمانی مەجازی: شیکردنەوەی بەکارهێنانی مێتافۆر و ئامێرە مەجازییەکانی تر بۆ دەربڕینی بیرۆکە، یان هەست و سۆزی ئاڵۆزە. ئەم ئامرازە زمانەوانیانە زۆرجار وێنەی بەهێز دەورووژێنن و لە ڕووی سۆزدارییەوە لەگەڵ بینەردا دەنگدەدەنەوە. هەرچەندە لە خۆپیشاندانی مامۆستایان بەکارهێنانی میتافۆر چالاك نەبوو، چونکە بەزمانێکی سادەو ساکار دروشمەکان دەڵێنەوە

4- ئاستی پراگماتیك:

1- کردەی قسەییەکان: بۆچوێنکە قسەکردن بەئەنجامدانی کارێك دادەنێ. دەستنیشانکردنی هێزی قسەی خۆپیشاندەرانە، واتە ئامانجیان چییە لە وتەکانیان (بۆ

نموونە داواکردن، دەربڕینی هاودەنگی، دەرکردنی هۆشداری، ئاگادارکردنەوە،...).(عبدالواحید،2011، )

2ـ نیشانکارەکان: ئەو فۆرمە زمانییە تەمومژاویانەن, کە ئاماژە بۆ کەس و کات و شوێن و پلەو پایە و...هتد. دەکات. ئەو کەرەستانە دەگرنەوە کە زمان و دەوروبەر بەیەکەوە دەبەستێتەوە, وەکو نیشانەکانی( کات و کەس و شوێن و تێکست و نیشانەی کۆمەڵایەتی). ئەم نیشانانە پەیرەوی ئاماژەکردن پێکدێنن و لەرێزماندا رەنگدەداتەوە.(عبدالواحید مشیر 95:2011) نیشانکارەکان ئەو ئامرازانەن کە واتاکانیان لەدەوروبەردا دەدۆزرێتەوە, واتایەکی گۆڕاویان هەیە بەپێی کەس و کات و شوێن و باری کۆمەڵایەتی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زەمینە بارودۆخییەی کە ناڕەزایەتییەکان تێیدا ڕوودەدەن و چۆن ئەمە واتای زمانی خۆپیشاندەران لە قاڵب دەدات. هۆکارەکانی وەک شوێن، کات و بینەر دەتوانن کاریگەرییان لەسەر گرنگی پراگماتیکی لێدوانەکان هەبێت.

ئێمە قەڵەم بەدەستین هەرگیز لە هێز ناترسین (کەس)

ئێرە شاری حاجییە ئەم زوڵمەی قبوڵ نییە. (شوێن)

تا زوڵمی موچە مابێت ئەم شەقامە چۆڵ نابێت (کات)

3ـ لێکەوتەی ئاخاوتەیی: خەسڵەتی کورتبڕی تێدایە، واتە ئەوەی کە وتراوە زۆرکەمترە لەوەی کە مەبەستە، قسەکەرونوسەر لەئاخاوتن و نوسینەکانیاندا بۆگەیاندنی مەبەستەکانیان گرنگییەکی زۆر بەم بابەتەی پراگماتیک دەدەن. گرنگی لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەدەربڕینی چۆنیەتی گونجاوی واتاو مەبەستەکاندایە، کە تا چەند گوێگرو خوێنەر پەی بە واتا شاراوەکان دەبەن.

هۆشیاری خۆپیشاندەران بۆ دەسەڵاتداران کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی کەرەسە زمانەکانیان هەیە. خۆپیشاندەران دەتوانن پەیامەکانیان بە شێوەیەکی جیاواز دابڕێژن بەپێی ئەوەی کە ئایا قسە لەگەڵ هاوڕێ خۆپیشاندەران، دەسەڵاتداران، یان خەڵکی گشتی دەکەن.

4 ـ گریمانە پێشەکییەکان کۆمەڵە زانیارییەکن، کە قسەکەر پێشەکی گریمانەی ئەوە دەکات، کە گوێگر دەیان زانێت وپێویستی پێیان نییە، بۆیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسیان ناکات، بەڵام گوێگر لەپەنای هەندێک زانیاری تری ناو ڕستەکەوە گریمانەپێشەکیەکان، یاخود زانیاریەکان دەدۆزێتەوە.

گریمانەی پێشەکی بریتییە لە هەڵهێنجانی واتایەک لەڕستەیەکی دیاریکراوەوە لەلایەن وەرگری ڕستەکەوە، لەبەرئەوەی وەرگر گریمانەی پێشەکی دەکات نەوەک ڕستەکە. ئەو واتایەی لەئەنجامی گریمانەی پێشەکی کردنەوە بەدەست دێت بەرهەمی وەرگرە، وەرگر بە لەبەرچاوگرتنی دەقی ڕستەو جۆری ڕۆنانی ڕستەو کاری ڕستەکەو دەوروبەری ڕستەکە و زانیاری دیاریکراوی تر گریمانەی پێشەکی دەکات، نەوەک تەنها لە لۆجیکی ڕستەکەوە. ((ئەی حکومەتی حەواڵە مەسیرتان ئاشبەتاڵە))

بە ئەنجامدانی شیکردنەوەی گشتگیر کە هەر چوار دیدگای دەنگ و وشە و واتا و پراگماتیک تێکەڵدەکات، توێژەران دەتوانن زمانی ناڕەزایەتی خۆپیشاندەران هەڵهێنجن و ڕۆشنایی بخەنە سەر پاڵنەر و ستراتیژی و کاریگەرییەکانیان. جگە لەو چوار دیدگایە زۆرجار خۆپیشاندەران قسەکردن بەکاردەهێنن بۆ ڕازیکردن و کۆکردنەوەی ئامادەبووان. ئەمەش ڕەنگە تەکنیکەکانی وەک دووبارەکردنەوە، بانگەوازکردن بۆ هەست، بانگەوازکردن بۆ عەقڵ، یان بانگەوازکردن بۆ دەسەڵات لەخۆبگرێت، هەروەها لەوانەیە دروشم، سروود، یان دەستەواژەی وەرگیراو بەکاربهێنن بۆ ئەوەی پەیامەکەیان لەبیرنەکراو بێت و بە ئاسانی لەلایەن کەسانی دیکەوە دووبارە بکرێتەوە، هەروەها خۆپیشاندەران دەتوانن تەکنیکەکانی لە چوارچێوەدان بەکاربهێنن بۆ داڕشتنی گێڕانەوەی دەوروبەری ناڕەزایەتیەکەیان. ئەمەش دەتوانێت بریتی بێت لە وێناکردنی خۆیان وەکو کەسێکی ژێردەستە کە دژی دامەزراوەیەکی بەهێز دەجەنگن، یان لە چوارچێوەدان بە دۆزی خۆیان وەک پرسێکی ئیمتیازاتی ئەخلاقی. توێژەران بە شیکردنەوەی ئەم لایەنانەی زمان دەتوانن تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پاڵنەر و ستراتیژی و کاریگەریی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان لەسەر کۆمەڵگا بەدەستبهێنن.

### 3.2 شیکردنەوە و ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی پۆستەری ناڕەزایەتییەکان

لە کاتی شیکردنەوەی ناڕەزایەتیەکانی مامۆستایان پێویستە وەک دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و زمانەوانی مێژوویی لێی نزیک ببینەوە. لە ڕووی مێژووییەوە ئەو خۆپیشاندان، هاوچەرخن (لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکە)، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر نیگەرانییە ئابوری و کۆمەڵایەتی-سیاسیەکان. پەیامەکانی خۆپیشاندەران بە شێوەیەکی گشتی لە دەوری ئەو پرسە سەرەکیانە دەسورێتەوە کە ناڕەزایەتیان دەربڕیوە. داڕێژەرانی نارەزایەتییەکان داواکاری ڕوون و پوخت دەنێرن بۆ دەسەڵات بە ناردنی پەیامی کاریگەر.

وەزارەتی پەروەردە و بڕیاردەران لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆی گشتی داواکاریەکانی مامۆستایانی نارازی هاورابوون، بەڵام بەچارەسەریان نەدەزانی، بەڵکو پێیان وابوو کە پێویستە مامۆستایان بایکۆت بشێن وبچنەوە هۆڵەکانی خوێندن. تەنانەت وەزیری پەروەدە دەسەڵاتی خۆی بەکارهێنان و فەرمانی دەکرد، بەڵام مامۆستایان بەرچەچیان دایەوە بەزمانی نابێت وەڵامیان دایەوە.

خۆپیشاندەران پێیان وایە کە پێویستە هەنگاوی کۆنکرێتی بگیرینەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

**1. خۆپیشاندەران وەک پیشەیی**

کاتێك مامۆستا وەك پێویستی خوێندەوار و پیشەیی مامەڵەیان لەگەڵناکرێت و مافەکانیان پێشێلدەکرێت. زۆرێک لە مامۆستایان دەستدەکەن بە خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایەتیەکان.

یەکێک لە خۆپیشاندەرانی مامۆستایانی زۆنی سەوز وتی، ئێمە باشترین وانەی ژیان دەدەین بە خوێندکارەکانمان، وانەیەکی کردەیی، وانەیەک لەسەر بنەمای واقیع کە هەرگیز لەبیریان ناچێتەوە. وانەیەك کە دەبێت داوای مافەکانت بکەیت کاتێک وەک ئازادی وەک پێویست مافت پێنادرێت.

یەکێک لەو دروشمانەی کە مامۆستایان لە خۆپیشاندانەکان دەیانوتەوە. ((بایکۆد بەردەوامە دەوامان لە شەقامە))

هەر لەو دروشمانەی کە مامۆستایانی خۆپیشاندەر لەخۆپیشاندانەکان دەیان وتەوە لەرێگای بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندن لەشەقام وانە دەڵێنەوە وانە ڕووبەڕووبونەوە فێری خوێندکاران دەکەن. مامۆستایان خوێندکاران فێردەکەن، کە بە ڕەشتەوە داوای مافەکانیان بکەن و سوربن لەسەر بەردەوامی وکۆڵ نەدان.

((وانەی ماف دەڵێینەوە شکۆ دەگێرینەوە ئەم بایکۆتە ناشکێنین تا مافمان بەدەستنەهێنین))

ئەم دروشمە بەرزکردنەوەی مامۆستایانە وەک کەسانی خوێندەواری پیشەیی، مامۆستایان کە نەك هەر لەناو قوتابخانە، بەڵکو لەشەقامیش وەك پیشەی خۆیان وانە بەخوێندکاران و خەڵکی دەڵێن و خەڵکی هاندەدەن لە کاتی پێنەدانی مافەکانیان خۆپیشاندان بکەن و داوای مافی خۆیان بکەن ئەم وانەیە وای لە خوێندکاران کرد کە ئەمانیش وەك مامۆستایان بێنە شەقام و داوای مافی خۆیان بکەن کە کەمکردنەوەی مەنهەنجیانە.

**3. خۆپیشاندەران وەک کارێکی ئەخلاقی**

خۆپیشاندەران وەک دانوستانکاری کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ئەخلاقی خۆیان دەکرد. لەم هێما ودروشم و نیشانانەدا مامۆستایان بانگەوازیان بۆ مافە مەدەنییەکانیان کرد بۆ دەربڕینی نارەزایەتی وەک بەشێکی سەرەکی لە ئەرکەکانیان وەک مامۆستا. هەوڵیان دەدا ڕوونیبکەنەوە بۆچی مامۆستایان نارازین و کارەکانیان و خوێندکارەکانیان بەجێدەهێشتووە و لەسەر شەقامن؟

یەکێک لەم پۆستەرانە ((ئێمە ئەمڕۆلەشەقام وانەی ڕەوشت دەڵێینەوە))

خوێندکاران وانەیەک فێردەبن لە داواکردنی ماف و خەباتکردن بۆ کەرامەتی خۆیان بکەن بە ئازادی بە میللەت و جیهان بڵێن کە مامۆستایان لەم جۆرە هەڵوێستانەی نیشانە و هێماکانەوە بۆ جەختکردنەوە لە دەسەڵاتی ئەخلاقی خۆیان دایانڕشتووە. لە دەربڕینی داواکارییەکان بە زمان، یان شێوازی بزووتنەوەیەکی مافە مەدەنییەکان، کە ئەمەش هەنگاوێکی گونجاو بوو بۆ ڕاگەیاندنی ڕاستودروستی ئەخلاقی لە سنورێکی یاسایی.

**4. خۆپیشاندەران وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ**

ئامانجی سەرەکی خۆپیشاندان و نارەزایەتی مامۆستایان پلە بەرزکردنەوە و پێدانی مووچەی مامۆستایان و دامەزراندنی وانەبێژان بوو، دۆخێکی لەو شێوەیەی هۆکار بوونە بۆ بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندن. کەم سەیرکردنی باوی مامۆستایان و ئەکادیمیان پرسی بنەڕەتی قەرەبووکردنەوەی مامۆستایان بوو. بەگشتی مامۆستایان مافە مەدەنی و بەها کۆمەڵایەتییەکانیان پشتڕاست دەکردەوە.

یەکێک لەو دروشمانەی خۆپیشاندەران بەکاریدەهێنن بریتین لە ((مامۆستایان سەروەرن پێشرەوی جەماوەرن)). بۆیە مامۆستایان ئاماژەیان بە بەهای کۆمەڵایەتی و هێمای مافە مەدەنی و تاکەکەسییەکان دەکرد بەپێی ڕۆڵی پەیوەندیدار بە خوێندکار و ڕۆڵی خۆیان وەک مامۆستا

بە خوێندکارانیان دەوت خوێندکارانی خۆشەویست بیرتان دەکەین و بیرتان لێدەکەینەوە، قەرەبووتان دەکەینەوە، "ئێمە دژی خوێندکاران نین، بەڵام ئێمەش ناچارین مافمان خوراوە. ئەمەش تیشکدەخاتە سەر پێویستی یەکێتی خوێندکاران، دایک و باوکان و مامۆستایان بۆ پشتگیریکردن لە دۆزی مامۆستایان و داوای پلە بەرزکردنەوە وپێدانی مووچە ودامەزراندنی وانەبێژان بوو.

**5. خۆپیشاندەران وەک میراتگری میراتە مێژوویی وکۆمەڵایەتییەکان**

ئەو تابلۆ و هێمایانەی لەسەر پۆستەرەکان بەکارهێنراون بەنرخبوون، چونکە مامۆستایان داوای مافە مەدەنییەکانی خۆیان دەکەن و داوای موچەی فەوتاو وپلەبەرزکردنەوە و دامەزراندنی وانەبێژانیان دەکرد. ئەو دروشمانەی کە مامۆستایان/ خۆپیشاندەران بەکاریان دەهێنا و ئاماژەیان بە گێڕانەوەی کولتووری و ئابووری ئاڵۆزی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرفراوانی وێنایان دەکرد. یەکێک لە مامۆستایەکان دەڵێت ئەمە وڵاتی ئێمەیە ئێمە مافی خۆمانە داوای مافەکانمان بکەین و دزەکان لە دەرەوە لێبدەین.(( نازانن ئێمە وڵاتمان بنیاتنا یان ئەوان))

یەکێکی تر بەدروشمی ((ئێرە سلێمانییە فشاری قبوڵ نییە))

لەم دروشمەدا نارەزایەتیەکەیان دەبەستنەوە بە نارەزایەتییەکانی پێشووی کە خەڵکی سلێمانی لە ساڵی 1930 یەکەم خۆپیشاندانی دژی ئینگلیزەکان لەبەردەرکی سەرا ئەنجامدا تاکو ئەمرۆ هەر زوڵمێك هەبوبێت خۆپیشاندان و نارەزایەتی ئەنجامداوە.

**4.2 شیکردنەوەی دروشمەکان**

لێرەدا کۆمەڵێک دروشم کە لە نارەزایەتییەکانی مامۆستایان بەکارهێنراون کۆکراونەتەوە بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە شیبکرێنەوەی بۆ بکرێت و دیاریبکرێت، کە چۆن بۆ ڕازیکردن هەستەکان دەردەبڕن. لێرەدا باس لە ڕەنگدانەوەی دەربرینی جۆرە جیاوازەکانی هەستەکان دەکەین.

زمانی دروشمی خۆپیشاندەران هەڵگری دەربڕینی هەردوو هەستی نەرێنی و ئەرێنی. خۆپیشاندەران دروشمەکانیان وەکو ئامرازێکی ئاشتیانە، کە بۆ داوای مافەکانیان و بەرگریکردن لێیان بەکاردەهێنا. داواکارییەکانیان بە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی کاریگەرەوە دەردەبری. ئەم دەربڕینەش ڕەنگدانەوەی واتا و هەستە جیاوازەکانی وەک ترس، هەڕەشە، بوێری، ئیرادە، دڵتەنگی ... هتد.

**دروشمی ژمارە (1) ((بایکۆت بەردەوامە، تا مافەکانمان نەگەڕێتەوە ناگەرێینەوە))**

خۆپیشاندەران هەوڵیاندا لە ڕێگەی بەکارهێنانی دروشم بە دەربڕینی بایکۆت بەردەوامە. کە بە شێوەی زارەکی دەیان وت و بە شێوەیەکی نازارەکیش نوسرابوون کە پشتڕاستکردنەوەی ئەوە بوو کە بەردەوام دەبن و کۆڵنادەن لە بەکارهێنانی نارەزایەتی ئاشتیانەیانە، هەروەها داوای بەردەوامی بایکۆت و لابردنی هەموو جۆرە فشارێك دەکەن. ئەم دروشمە لە هەموو ئەو نارەزایەتیانەی کە لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە بەکارهاتووە. ڕەنگدانەوەی هەست و سۆزە نەرێنییەکانە واتە بەرگریکردن وجێبەجێکردنی دواکاریەکانیانە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، چونکە ترسیان هەیە بەم شێوەیە هەستی ترس دەرئەبڕێت کە ئەمەش شتێکی نەرێنییە.

**دروشمی ژمارە(2) بایکۆت لەشەقام بریاری لەسەردرا هەر لەشەقامیش کۆتایی پێدێت نەك لەبارەگای حیزب.**

دوای ماوەیەك لەخۆپیشاندان هەوڵیانداوە لە بارەگای حیزبەکانەوە کۆتای بە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان بهێنن. ئەم ڕووداوە ئەنجامی خراپی لێکەوتووەتەوە. ئەم پرسە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەموو مامۆستایان دروستکرد، هەروەها بەرێوەبەری پەروەردەکان بەرێوبەرەکانیان ڕاسپارد بۆ سزادن و غیابدانی مامۆستایان وەک هۆکارێک بۆ کوتاپهێنان بە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان بۆ نکۆڵیکردنی ئەم شتە، مامۆستایانی نارەزایەتی ویستیان نیشان بدەن یەکێتی نێوان مامۆستاین دا هەیەو بە یەک دەنگ لەشەقام وەك خێزانێک کە خیانەت لە یەکتری ناکەن و زیانیان پێنەگەیەنن. لەمەدا دروشم، خۆپیشاندەران ڕەنگدانەوەی هەستێکی ئەرێنی متمانە بە یەکگرتوویی خۆیان هەیە خەڵک دژی پلانە خراپەکانی دەوروبەریان نین.

**دروشمی ژمارە (3) ((ئێمە قەڵەم بەدەستین هەرگیز لە هێز ناترسین)) ((هێی هێی دەسەڵات کوانێ داهاتی وڵات))**

ئەم دروشمە گوزارشت لەوە دەکات کە مامۆستایان چیتر نادادپەروەری و داگیرکاری و تالانکردن قبوڵ ناکەن؛ ئەوان دەیانەوێت ئازاد بن و مافی خۆیان بەدەستبهێنن. ناتوانن بەرگەی هەموو تالانی و داهاتی وڵات، نادادپەروەریە بگرن، کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێت. چ بە شێوەیەکی فەرمی، یان نافەرمی کە هەر دوو حیزبە باڵادەستەکە پێکەوە شەریکن لە دیارنەمانی داهاتی وڵات. لە ئەنجامدا ئەوان ئەم دروشمەیان بەکارهێنا بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆیان لە ناسەقامگیری دۆخی ئابووری خەڵکی بەگشتی و مامۆستایان بەتایبەتی. ئەمە دروشم ڕەنگدانەوەی هەستی ئەرێنی بوێری بوولە خراپی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان.

**دروشمی ژمارە (4) ((بروخێ دز شەریکە دز ))**

ئەم دروشمە گوزارشت لە دزین و دیارنەمانی داهاتی وڵات دەکات لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە کە شەریکن لە تالانی و داهاتی هەرێمی کوردستان. چ بە

DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp200-210

شێوەیەکی فەرمی، یان نافەرمی لە ئەنجامدا ئەوان ئەم دروشمەیان بەکارهێنا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان لە ناسەقامگیری دۆخی ئابووری. ئەمە دروشم ڕەنگدانەوەی هەستی نەرێنی بوو لە خراپی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان.

**دروشمی ژمارە (5)  بۆ بێدەنگن حەقبێژان کوا مافی وانەبێژان**

ئەم دروشمە گوزارشت لە ناڕازیبوونی مامۆستایان دەکات، کە ناڕەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر بە دۆخی ئێستای وانەبێژان کە دۆخیان زۆر خراپە و دەیانەوێت بیگۆڕن. گوتیان جارێکی تر بێدەنگ نابین داوای دامەزراندن دەکەن وەك مافێکی سەرەتای خۆیان. ئەوان دەیانویست ژیانێکی باشتریان هەبێت، بژین لە شوێنێکی ئارام و سەلامەتدا، کاریان هەبێت، ئاستی ژیانیان باشتر بکەن. خزمەتگوزارییە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان وەک کەسانی دیکە. ئەم دروشمە هەستی ئەرێنی متمانە بەخۆبوون و توانای گۆڕانکاری دەربڕینە.

**دروشمی ژمارە(6)  ((ئاشبەتاڵە ئاش بەتاڵ بروخێ حوکم پاتاڵ))**

لەم دروشمەدا خۆپیشاندەران هەڕەشەیان لە حکومەت کرد کەحکومەتەکەیان نزیکە لە کۆتای پێهاتن و خەریکە ئاش بەتاڵی ڕابگەیەنن. خۆپیشاندەران توانای ڕاپەڕینیان لە دژی ئەو دۆخە خراپە هەیە. ئەم دروشمە ڕەنگدانەوەی هۆشدارییە و هەڕەشەکردن لەلاوازی وبەرەو هەڵدێرچوونی حکومەت، لێرەوە ڕەنگدانەوەی هەستی ئەرێنی بوێری خەڵکە بەرانبەر حکومەت.

**دروشمی ژمارە(7) ((ئێمە و بایکۆت وشەقام، بەردەوامین بەردەوام))**

مامۆستایانی قوتابخانەکان بەیەك دەنگ بایکۆتیان ڕاگەیاند. ئەم دروشمە کاریگەری لەسەر عەقلیەتی خوێندکاران و دایک و باوکان هەبوو بۆ نوێنەرایەتیکردنی کێشەکەیان، حکومەت حکومەتێکی تەماحکار کە دابینکردنی مافی مامۆستایان پێشێلدەکات. ئەم دروشم ڕەنگدانەوەی هەستی ئەرێنی و بوێری بوو لە بەردەوامبوون.

**دروشمی ژمارە(8) ((تا زولمی موچە مابێت ئەم شەقامە چۆڵ نابێت))**

خۆپیشاندەران ویستیان ئیرادە و پێداگری خۆیان لەسەر بەدیهێنانی داواکارییەکانیانپیشانبدەن. ئەوان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەمەوە ئەمەیان دەربڕی، جگە لەوەش ئەم دروشمە گوزارشت لە گرنگی ناڕەزایەتی وەک ئامرازێک دەکات بۆ بەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی خەڵک. لێرەوە مامۆستایان  باوەڕیان وایە ئەو ناڕەزایەتییە ئامرازێکی ئاشتیانەیە بۆ داوای مافەکانیان. ئەم دروشمە دەریدەبڕێت. هەستی ئەرێنی ئیرادە.

**دروشمی ژمارە(9) ((حکومەتی پینەو پەڕۆ دەوام ناکرێت بەدرۆ))**

ئەم دروشمە گوزارشت لەوە دەکات کە مامۆستایان چیتر نادادپەروەری قبوڵ ناکەن؛ ئەوان نایانەوێت بەدرۆ دەوام بکەن دەیانەوێت ئازاد بن و مافی خۆیان بەدەستبهێنن. ئەم دروشمەیان بەکارهێنا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان. ئەم دروشم ڕەنگدانەوەی هەستی ئەرێنی بوێری بوولە ڕاستگۆیی.

**دروشمی ژمارە(10) ((خەڵکی دهۆك و هەولێر وەرنە شەقام وەکو شێر))**

ئەم دروشمە داواکردنە لە مامۆستایانی هەولێرو دهۆك، کە ناڕەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر بە دۆخی ئێستایان بێنە سەرشەقام وەك مامۆستایانی سلێمانی و هەڵەبجە و بێدەنگ نەبن لە داواکردنی مافەکانیان. ئەم دروشمە هەستی ئەرێنی متمانە بەخۆبوون و توانای گۆڕانکاریە.

نیشانەکە ئاماژەی بەوە دەکرد کە چ لە ڕووی بینراو و چ لە ڕووی دەنگییەوە، پەیوەندییەکی ڕاست لە نێوان دروشم و مامۆستایان هەیە، هەروەها زۆرێک کارەساتی ئێستایان بەستەوە بە ڕووداوەکانی ڕابردوو و کەچەندین جا خۆپیشاندان ئەنجامدراوە بەڵام بێ هیچ دەستکەوتێك کۆتای پێهاتووە.

## ئەنجام

1ـ خۆپیشاندەران لەدەربڕینی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکاندا وشەی سادەیان هەڵدەبژارد و هەردوو زمانی بینراو و بیستراویان بەیەکەوە بەشێوەیەکی گشتی بەکاردەهێنا، بۆ ئەوەی پەیامەکەیان بەڕوونی بگەیەنن، شوێن و کاتێکی دیاریکراویان هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی زۆرترین دەنگدانەوەی هەبێت و سەرنجی میدیاکان بۆخۆیان ڕادەکێشا. مامۆستایانی ناڕازی تەحەدای ئایدۆلۆژیا سەرەکییەکان دەکرد ودژایەتی دەسەڵاتیان دەکرد دیدگای بەدیلیان دەدۆزیەوە. خۆپیشاندەران لە ڕێگەی زمانەوە ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیا باڵادەستەکان دەگرن، گریمانە بنەڕەتییەکانیان دەشێوێنن و دژایەتییەکان ئاشکرا دەکرد و داوای باشکردنی داهاتی تاکەکانیان دەکرد بەپێدانی مافەکانییان و دامەزراندنی وانەبێژان.

2ـ دەربرینی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە هەر چوار ئاستی زمان (دەنگ و وشە و واتا و پراگماتیک) ڕەنگیدابۆوە، لە زمانی ناڕەزایەتی خۆپیشاندەران دەتوانین واتا هەڵبهێنجن و ڕۆشنایی بخەنە سەر پاڵنەر و ستراتیژی و کاریگەرییەکانیان. جگە لەو چوار ئاستە زۆرجار خۆپیشاندەران قسەکردن بەکاردەهێنن بۆ ڕازیکردن و کۆکردنەوەی ئامادەبووان. ئەمەش بە تەکنیکێك لە تەکنیکەکانی وەک دووبارەکردنەوە، بانگەوازکردن بۆ هەست، بانگەوازکردن بۆ عەقڵ، یان بانگەوازکردن بۆ دەسەڵات لەخۆبگرێت، هەروەها ئەو دروشم و دەستەواژانە بەکاردەهێنن کە پەیامەکەیان لەبیرنەکراو بێت و بە ئاسانی لەلایەن کەسانی دیکەوە دووبارەبکرێتەوە.

3ـ گوتاری نارەزایەتی بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵکییە لە نادادی و نادادپەروەری ئەنجامدەدرێت. خۆپیشاندەران هەوڵدەدەن لەڕێگای زمانەوە هێزی زمان مەبەستداربەکاربهێنن، چونکە لەڕێگای شیکردنەوەی گوتاری نارەزایەتی(ڕەخەگرانە) هەموو پەیوەندییە شاراوەکانی ناو گوتارو دەوروبەرەکەی ئاشکرا دەبێت. جا پەیوەندی ڕازیکردن، کۆنترۆڵکردن، ئاڕاستەکردن،... بێت. زمان دەکەنە چەکێکی بەهێز بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەر، چونکە زمان دەسەڵات دەستنیشان دەکات و دەبێتە چەکێکی بەهێز و کاریگەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە دەسەڵاتی زمان دروستی کردووە، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی عەقڵی جەماوەر بکات.

4ـ شێوازەکانی دەربڕینی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان زۆرن وەك گاڵتەجاڕی، هەرەشە، سوکایەتیپێکردن ... کە پەیوەندی بەشڵەژانی باری دەروونی و بابەتەکەوە هەیە. خۆپیشاندەران بەگشتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پەیامەکانیان بەگوێگر دەڵێن بۆ هێرشکردنە سەر کەسێک، زۆرجار هەستی کەسی بەرانبەر بریندار دەبێت.  لەدرێژەی خۆپیشاندان و نارەزایەتییکان جگە لە حکومەت وەزیری پەروەردەش کەوتە بەر تەنزی خوێندکاران و مامۆستایان خوێندکاران بەتەنزەوە ناوی وەزیری پەروەردە دەهێن

5ـ خۆپیشاندەران دروشمەکانیان وەکو ئامرازێکی ئاشتیانە بۆ داواکردنی مافەکانیان بەکاردەهێنا، چونکە پەیوەندییەکی بەهێزە لە نێوان بەکارهێنانی زمانی کاریگەر و هەستەکان هەیە، کە وەک ئامرازێک بۆ ڕازیکردن. بانگەوازی سۆزداری بۆ وروژاندنی هەستەکان لەنێوان خۆپیشاندەران بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕووداوەکان کارلیك بکەن. زمانی دروشمی خۆپیشاندەران هەڵگری دەربڕینی هەردوو هەستی نەرێنی و ئەرێنی بوون. هەستی ئەرێنی ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبوو لەدەربرینی

خۆپیشاندانەکان داواکارییەکانیان بە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی کاریگەرەوە دەردەبڕی. ئەم دەربڕینەش ڕەنگدانەوەی واتا و هەستە جیاوازەکانی وەک ترس، هەڕەشە، بوێری، ئیرادە، دڵتەنگی ... هتد.

## سەرچاوەکان


حوسین، هێرش چەتۆ،(2016)، شیکردنەوەی نوکتەی کوردی بەپێی بنەمای هاریکاری،نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران

دزەیی، عبدولواحید موشیر, (2011), زانستی پراگماتیك، چاپی یەکەم, چاپخانەی پاك, هەولێر.

السویدان، طارق،(2017)، و. مەریوان عارف عەلی، ڕێبەری وتاربێژی سەرکەوتوو، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا.

شەمس، هێمن عەبدولحمید ،(٢٠٠٦)، شێوازودەربرین لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

عثمان، ڕێبەرعمر، (2015)، ڕۆڵی پۆلیسی پارێزگاری چالاکییە مەدەنییەکان لەکاتی خۆپیشاندانەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین.

کساب، یاسر محمد سرحان، 2002، الهجرة الداخلیة الی مدینتي رام الله والبیرة، الرسالة الماجستیر، جامعة النجاح الوطنیة، نابلس-فلسطین

یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەهەرێمی کوردستان یاسای ژمارە 11 سالی 2010)

ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد فەقێ، (2022)، دەنگسازیی بەرهەمهێنان لەنێوان دەنگسازیی کێشناسی دەنگسازیی کەرتی دەنگییە خودکارییەکاندا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی ڕاپەرین.

Crystal, D. (1997). Why a Global Language? In *English as a Global Language* (pp. 1-23). Cambridge: Cambridge University Press.

Edison Lanza .Special Rapporteur for Freedom of Expression,(2019), Protest and Human Rights, Title. III. Series. OEA/Ser.L/V/II CIDH/RELE/INF.22/19

Fairclough,Norman,( 1989),Language and power,London and NewYork, Longman.

Fasold,R.(1990),Sociolinguistics of Language, Oxford: Blacwell.

Goodson, P. (2010). *Theory in Health Promotion Research and Practice*: *Thinking Outside the Box*. Jones & Bartlett Publishers.

Mira Bekar,(2015), SPACE, LANGUAGE AND POWER: THE RHETORIC OF STREET PROTESTS, *Социолошки преглед*, vol. XLIX (2015), no. 3, стр. 337–348

Oxford Wordpower dictionary . ( 2010 ) . Oxford : Oxford University Press.

van Dijk ,T. A. ( 1988a ) . *News analysis: case studies of international and national news in the press.* Hillsdale, NJ: Lawrence Erlbaum.

van Dijk ,T.A. (1998). Ideology: A multidisciplinary approach. London: Sage Publications.

Van Dijk, T. A. (1991). *Racism and the Press*. London and New York: Routledge.

Wodak,R.,and Meyer,M.Eds.(2001) Methods of Critical Discourse Analysis, London: sage.